بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

ژمارە (١١٥) لە ٢٠٢١/٩/٢٩

پشتبەست بە حوکمەکانی بڕگەی (٢) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ناوخۆ، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٦٢) لە ٢٠٢١/٧/٢٨، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. پەسەندکردنی (پڕۆژە یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران پەسەند کران.

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئاڕاستەکردنی پڕۆژە یاساکە بۆ پەرلەمانی کوردستان لە دوای ئەو گۆڕانکارییانەی لە بڕگەی (١)ی سەرەوەدا ئاماژەیان پێدراوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران